The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com

# بانگەواز بۆ هونەرمەندان

## دروستکردنی ئارمێکی تازە بۆ ناوەندی چاك

ناوەندی چاك بەنیازە کۆنگرەی دووەمی خۆی لە کۆتایی ساڵی 2007 ببەستێت , هەر لەو کۆنگرەیەدا گۆڕانکاری لە پەیرەو پرۆگرام و شێوەی کارکردنی چاك دەکرێت و بیرمان لەوەش کردتەوە ئارمێکی تازە بۆ چاك دروست بکرێت و بخرێتە بەردەست ئامادەبووانی کۆنگرە بە مەبەستی پەسەندکردنی , بۆیە داواکارە لە هونەرمەندان ئارمێکی تازەی بۆ درووست بکەن ,داخوازین ئارمە نوێکە :

- دەربڕ بێت لە خەباتکردن دژبە ژینۆسایدکردنی مرۆڤی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان , واتا کوردستانی بێت نەك هەرێمی .
- دەربڕ بێت لە داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ لە کوردستان و ژیانێکی باشتر بۆ بەجێماوانی قوربانیان .
- دەربڕبێت لە بەداداییگەیاندنی سەرجەم تاوانکارانی ناوخۆیی و دەرەوەی ژینۆسایدکردنی مرۆڤی کورد لە هەموو کوردستان .
- نەك تەنها دژبەو کردەی ژینۆسایدە بێت کە لە ڕابردودا ئەنجامدراوە , پێویستە هاوکات دژبە ژینۆسایدی نوێ و هەموو چەشنە لە ناودانی تاك و بەکۆمەڵی گەلەکەمان بێت لە ئێستا و داهاتووشدا .
- سیمایەکی مۆدێرن ببەخشێت بە ڕێکخراوەکەمان لە ئاستی جیهانی , وەك ناوەندێکی کوردی نێونەتەوەیی کە خەبات دەکات دژبە پاکتاوی ڕەگەزی مرۆڤی کورد و داکۆکی کەر لە مافی مرۆڤ و لایەنێکی چالاکی بەشداریکەر لە کەمپینە جیهانییەکان دژبە ژینۆساید و پێشێلی مافی مرۆڤ و ئاشتی و پارێزگاریکردن لە مافی گەلانی بن دەست و دژبە بازرگانیکردن بە چەك و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و کۆمەڵکوژی و بایەلۆژی و .... 
- لە شێوەدا سادە بێت و زوو مانای ئامانجەکانی ناوەنەکە بدات بە دەستەوە .

**ناوەندی چاك**

2007-10-8

www.chak.be

chak_org@yahoo.com